## بەشێك لەئامانجەكانی (لیستی بێلایەن)

. پێكهێنانی پەرلەمانێكی راستەقینەی هاوچەرخ كەئەندامەكانی بەئەقڵو ئیرادەی خۆیان كار بكەن، نەك بەئەمری حیزبو سەركردە، گواستنەوەی دانیشتنەكانی پەرلەمان بۆ بەرچاوی خەڵكو دابینكردنی شەفافیەت لەكاروباری حكومەتو پەرلەماندا.

. بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو توندوتیژی، بۆ دابینكردنی ئاسایشو ئارامی لەكوردستانداو چەسپاندنی دیموكراسیو رێزگرتن لەبیروڕای بەرامبەرو دابینكردنی ئازادیی سیاسی.

. سڕینەوەی ئاسەواری سیاسیەتی نادروستی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار كەبوو بەهۆی دابەشكردنی هەرێمی كوردستانو بەفیڕۆدانی سەروەتو سامانێكی زۆرو دروستكردنی مەترسی لەسەر دەسكەوتەكانی جەماوەر.

. قەدەغەكردنی هەموو ململانێیەكی خوێناوی وەك رێگەچارەیەك بۆ  كێشەكانی ناوخۆو رێگرتن لەدووپات بوونەوەی شەڕی براكوژیو برەودان بەگیانی پێكەوە ژیانو یەكتر قبول كردن.

. چاكسازیو پاراستنی سەروەریی یاساو گۆڕینی ئەو بەندە یاسایانەی لەبەرەو پێشبردنی یەكسانی نێوان ژنانو پیاواندا رێگرن.

. نەهێشتنی دیاردەی میلشیاگەریو وەلانانی گیانی خێڵەكیو پاوانخوازیو هۆزگەری.

. نەهێشتنی دیاردەی حیزبایەتی تەسكو قۆرخكردنی دەسەڵات بۆ تاكە حیزبێكو قەدەغەكردنی تەزكییەی حیزبی بۆ دامەزراندنی خەڵكو كارمەندان لەفەرمانگەو دامەزراوەكاندا.

. پاكسسازیەكی راستەقینە لەدەزگاكانی دەوڵەتداو نەهێشتنی گەندەڵی ئیداریو دزیو فەسادو بەرتیلخۆری، دانانو وەگەڕخستنی یاسای (ئەمەت لەكوێ بوو).

. پاراستنی سەربەخۆیی زانكۆكانو لابردنی سیستمی (قبول خاص)و گۆڕینی پرۆگرامەكانی پەروەردەو خوێندن بەشێوەیەكی مۆدێرن.

. رێگرتن لەكۆچی بەلێشاوی لادێ بۆ شار، بەئاوەدانكردنەوەی گوندەكانی كوردستان لەسەر شێوەی گوندی هاوچەرخو دابینكردنی پێداویستیەكانی ژیان بۆیان.

. كەمكردنەوەی نرخی عیادەی دكتۆرەكانو زیادكردنی نەخۆشخانەی حكومی.

. نەهێشتنی بێكاریو دانانی سیستەمی سۆسیالو بیمەی كۆمەڵایەتی بۆ ئەو كەسانەی توانای كاركردنیان نییە، هەروەها رێز لەخزمەتی رابردووی خانەنشینان بگیرێتو موچەی تەواویان پێبدرێت.

. ئاشكراكردنی بوجەی ساڵانەی هەرێمی كوردستانو دیاركردنی داهاتو بەرهەمی نیشتمانی خەرجكردنیان لەپرۆژە خزمەتگوزاریەكاندا.

. چارەسەركردنی كێشەی نیشتەجێ بوون،كەمكردنەوەی كرێو پاراستنی مافی كرێچیەكانو عەدالەت لەدابەشكردنی زەوی بەسەر هاوڵاتیاندا.

. چارەسەركردنی ئەو گرانیو بەرزبوونەوەی نرخو چاودێری خستنەسەر شمەكی هاوردە.

# دەنگ بدە بە (لیستی بێلایەن)

# بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان